

# رۆمانسی پۆست مۆدێرن

دایان ئەلام

و: هومەن (مەهاباد)

پرژانه سەر زاراوەی (پۆست مۆدێرنیزم) خۆی لەخۆیدا بەمانای کردنەوەی درگایەکی وتووێژە کە بەقەرا هەوڵدان بۆ وەسفکردنی رۆمانس کارێکی سەختو دژوارە. بەئاوڕدانەوەیەك لەلیستەیەك لەمانشێتەکانی کتێبە ئاکادێمیکەکانی ئەم دواییانەدا وەرسووڕانی پۆست مۆدێرن، کولتووری پۆست مۆدێرن، بۆ تیقای پۆست مۆدێرنیزم، بارودۆخی پۆست مۆدێرن: راپۆرتێك لەسەر زانست، سیاسەتی کولتووری (پۆست مۆدێرنیزم)، چیرۆکی پۆست مۆدێرنیستی، پۆست مۆدێرنیزمو نەیارانیو تەنانەت میلتۆنو پۆست مۆدێرن– بەڕاشکاوییەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم بەرهەمانە بەڕواڵەت زیاتر لەمە قسەیەکیان لەسەر پۆست مۆدێرنیزم نییە کە ئەم باسو خواسە، باسێکی گەرمو گوڕەو لایەنگری فرەیە. ئەم خاڵە تەنیا لەمەڕ بەرهەمە دیارەکانی ئاکادیمێکەوەنییە، بەڵکوو (پۆست مۆدێرنیزم) بەتەواوی بیروزەینی گشت لایەکی بۆ لای خۆی راکێشاوە. کولتووری بەرخۆر بەوپەڕی حەزەوە لەم زاراوەیە کەڵك وەردەگرێت هەرچەن کە بۆ بەدەستەوەدانی تاریفو




چوارچێوەیەکی گشتی لەم زاراوەیەو رادەی گشتگیریو پەرەسەندنی خۆی زۆر ماندوو نەکردووە (ئەم ئاراستەیە لەکولتووری بەرخۆردا دەتوانین لەهەموو پانتاییەکاندا ببینین: لەڕیکلامو پڕوپاگەندەی (مۆدی پۆست مۆدێرن) کە لەسەر دیواری فرۆشگا زنجیرەییەکانەوە دیارە هەتاوەکوو (ئێم تی وی پۆست مۆدێرن) کە بەشێك لەپرۆگرامەکانی تەلەفزیۆنی ئاخری شەوە).

کەواتە، تاریفی (پۆست مۆدێرنیزم) دەبێ لەکۆوە بەشوێنیدا بگەڕێین؟ ئاخۆ بەرنامە داڕێژەرانی رایەڵەی تەلەفزیۆنی ئێم تی وی هەر ئەو تاریفەیان لە(پۆست مۆدێرنیزم) داوەتە دەست دانەری میلتۆنو پۆست مۆدێرن لێیان هەیەتی؟ پێویست ناکات کە روانینەکەیان وەکوو یەك بچێت. بۆ تێگەیشتن لەچۆنایەتی ئەم شتە دووپاتکردنەوەی ئەم وریاییکردنەوە بێ سود نابێت کە پۆست مۆدێرنیزم بەس ئەو شتە نییە کە دوای مۆدێرنیزم هاتبێتە ئاراوە. سەرەڕای ئەوە کە پۆست مۆدێرنیزم پێویستی بەڕاڤەیە لەسەر ناوەرۆکی مۆدێرنیزمیش، بەم حاڵەش ناتوانێت خۆی لەگەڵ دژایەتییەکی سووكو سانا لەتەك مۆدێرنیزم پێناسە بکات. بەواتایەکی دیکە، پۆست مۆدێرنیزم بەتەنیا (زنجیرەیەك لێك دابڕانی پەیتا پەیتا لەمۆدێرنیزم)، نییە کە بەقسەی چارلێز جەنکس لەنزیکەی 1960 دەستی پێکردووە.[1]

پۆست مۆدێرنیزم دەتوانێ لەهەندێ لایەنەوە خۆی لەجێدا دژ بەمۆدێرنیزم قوت بکاتەوە، بەڵام پێوەندی ئەم دوانە بەتەواوی سەلبی (نێگاتیڤ) نییە. هەڵبەت پۆست مۆدێرنیزم دەتوانێ مۆدێرنیزم بەرەو دژایەتی کردن لەگەڵ خۆی پاڵ پێوەنێت هەتاوەکوو کەشوهەوا لەبۆ هاتنە ئارای مۆدێرنیتەیەکی نوێ لەبار بێت. ئەمە خاڵێکە کە ژان–فرانسوا لیۆتار بەکاتی خەریك بوون بەمەسەلەی جێ‌وشوێنی پۆست مۆدێرنیزم، باسی لێوە دەکات:

کەواتە، پۆست مۆدێرن چییە؟ چ جێ‌وشوێنێك لەو پانتاییە گێژکەرەوە دادەگرێت (یان داناگرێت) کە لەمەڕ یاساو رێسای وێنە سازکردنو گێڕانەوە دێنە باس؟ پۆست مۆدێرن بێگومان بەشێك لەمۆدێرنە. بەهەر شتێك کە وەرگیرابێت، تەنانەت ئەگەر دوێنێش بێت (پێترۆنیۆس راهاتبوو کە بڵێت: ئەمڕۆ، ئەمڕۆ) دەبێ بەشكو گومانەوە سەیری بکەین. سێزان چ کەشو هەوایەك بۆ بەرامبەرکێ بانگێشت دەکات؟ کەشو هەوای ئیمپێرسیونیستەکان. پیکاسۆو براك هێرش دەکەنە سەر چ کەشو هەوایەك؟ کەشو هەوای سێزان. دوشان لەساڵی 1912 لەکام پێش فەرز دادەبڕێت؟ لەوپێش فەرزەکە دەڵێت دەبێ تابلۆیەك بخوڵقێنم، تەنانەت ئەگەر کوبیستی–یش بێتو بوڕێن پرشەیەکی دیکە لەم چەشنە هەڵسوکەوتە دەخاتە ژێر پرسیار. بەرەکان بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر وەپێش یەکتر دەکەون. بەرهەمێك ئەو کاتە دەتوانێ مۆدێرن بێت کە سەرەتا پۆست مۆدێرن بووبێت.

بەمجۆرە، پۆست مۆدێرنیزم نەك لەکۆتایی مۆدێرنیزم بەڵکوو لەقۆناغی سەرەتایی ئەودا هەڵدەکەوێ، ئەمە بارودۆخێکی هەمیشەییە.(2)

پۆست مۆدێرنیزم هەمیشە دوای پۆست مۆدێرنیزم نایەت بەڵکوو زنجیرەیەك مەسەلەی بەرباسی سەرەتایی هەمیشەیی مۆدێرنیزمە. بەڕای لیۆتار، خەریك بوون بەمەسەلەی پۆست مۆدێرنیتە، سەرقاڵبوون بەکێشەکانی زەمەن مەندو زنجیرەییەو هەروەها خەریك بوون بەکێشەکانی هۆكو بەرهۆكو رەسەنایەتی و کەرتبوون.

لەپێوەندی پۆست مۆدێرنیزم لەگەڵ مۆدێرنیزم، هۆكو بەرهۆك بەردەوامبوونی زەمەنی خۆیان لەدەست دەدەن، رەسەنایەتی (سەرچاوە)یەك نییە کە پێشتر لەکەرتبوون بێت. لیۆتار بەشیکردنەوەی ئەم خاڵە کە (پۆست مۆدێرنیتە چاخێکی نوێ نییە)، نیشان دەدات کە چلۆن بۆچوونی پۆست مۆدێرنیزم دەتوانێ پاساودەری وەها شت گەلێك بێت، پۆست مۆدێرنیتە دوایین ئاڵقە لەبازنەی رووداوە مێژووییەکان نییە. پۆست مۆدێرنێتە سەرلەنوێ نووسینەوەی مۆدێرنیتەیە، دووبارە نووسینەوەیەك کە بەر لەمەو زۆر لەمێژەوە لەناخی مۆدێرنیتەدا چالاك بووە. پشتگیری (پەسا) (بەرهۆکی) بەشێك لەو شتەیە کە (دوای ئەو) هەڵکەوتووەو هەر لەپێشەوە لەناخیدا قۆناغی چاوەڕوان کراوی هۆکاری مێژوویی (مۆدێرنیتە) شەقڵ دەگرێت.

رەنگە هەر ئەم خاڵە بێت کە بەجوانترین شێوە، شێوازی کارکردی باوی (پۆست مۆدێرنیزم) بۆ فرۆشتنی جلوبەرگی مۆدی رۆژو کاسێتەکانی دەنگو رەنگ لەشێوازەکانی کارکردەکەی لەگوتاری ئاکادیمێك جیا دەکاتەوە. بەشێوەی ناسازەوار پێداگری مۆدێرنیزم لەسەر جیاکردنەوەی کولتووری باڵا لەکولتووری نزم لێرەدا بەشێوەیەکی




ناماقووڵ خۆی دەنوێنێتو هۆکاری سەرەکی لەوەدایە کە زۆربەی کەڵك وەرگرتنەکان لەم زاراوەیە- نەك هەموویان، هەر ئەو جۆرەی لەمەڕ زاراوەی رۆمانس-یشدا هەر بەم شێوەیە لەجێدا کارکردی مۆدێرنیستین. لەڕوانگەی تیجارییەوە رەنگبێ بەوە فریوی ئەوە بخۆین کە پێمان وابێ پۆست مۆدێرنیزم هەر ئەو مۆدێرنیزمەیە کە لەدەسەڵاتی ئەو کۆمەڵانەدایە کە جوانیناسی مۆدێرنیستی سووکایەتی پێیان دەکرد. جیا لەمە، وەها روانینێك دەبێتە هۆی ئەوە تاوەکوو بەواتای مۆدێرنیزمێکی رەشۆکی سەیری (پۆست مۆدێرنیزم) بکەین. جەخت کردن لەسەر ئەم ئایدیایە کە ئێمە لەقۆناغێکی کولتووریدا دەژین کە لەمۆدێرنیزم نوێترو تیژترە (هەر ئەو جۆرەی کە لەڕاگەیەنە گشتییەکان زۆر جاران جەخت لەسەر ئەم شتە دەکەن)، بەشێوازی تایبەتی خۆی، گەڵاڵە داڕشتنی حوکمێکە لەوپەڕی مۆدێرنیستیدا. لەلایەکی دیکەوە، بیرکردنەوە لەسەر پۆست مۆدێرنیزم، بیرکردنەوەیەکی لەجۆری لیۆتار،

بەمانای راڤەی سەرلەنوێ لەسەر چاخ مەندی مێژوویی و بیرکردنەوەیەکی مێژوویی رووتەنە.

بەم حاڵەش و سەرەڕای خستنەژێر پرسیاری مێژوو و روانینی سەرلەنوێی بنەواشەیی لەچەمکی چاخ مەندی مێژوویی، (پۆست مۆدێرنیزم) گەڵاڵەیەکی نامێژوویی یان دژە مێژوویی، گەڵاڵەیەك کە بەس رەخنەگرتنێکی گونجاوتر لەگۆڕانییە رەشۆکییەکان گرتمان پۆست مۆدێرنی وەك (ئێمە تەقەمان دەست پێ نەکرد) بەدەنگی بیلی جۆئێل بێت نییە. مۆدێرنیزمی رەشۆکی جۆئێل تەنیا مێژوو لەچوارچێوەی هەندێ ناو وەك هیتلێر یان شێتەکانی دەیەی پەنجا کورت دەکاتەوە. بەڵام پۆست مۆدێرنیزم، شێوازێکی بیرکردنەوە لەمەڕ مێژوو و نواندنەوەیە کە دەڵێت قەت ناکرێ– بەتەواوی تێگەیشتنێکی کامڵ لەم دوو گوتارە بەدەستەوە بخرێت. بەم چەشنە پۆست مۆدێرنیزم بەکردەوە بەس سەرقاڵی کێشەی هەوڵدان بۆ – بیرکردنەوەی مێژوویی و کێشەی هەوڵدان و بۆ تێگەیشتنی مێژووییە.

بەسەرنج دان بەو هێرشە رەخنەیانەی دوایی کە کراوەتە سەر پۆست مۆدێرنیزم، لەوانەیە باسکردن لەبوونی روانینێکی مێژوویی لەپۆست مۆدێرنیزم لەلای هەندێ کەس سەیرو سەمەرە بێتە بەرچاو. لەنێوان ئەو هەموو هێرشانە دەتوانین ئاماژە بەم باسەی گێریزلدا پۆلاك کە دەڵێت: (زانستی مێژوویی دیار ئامرازێکی بەرگری گرینگە بۆ بەرامبەر کێ و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تعلیق پۆست مۆدێرنیستی مێژوو).(3)

بەڕای پۆلاك، پێوەندی پۆست مۆدێرنیزم لەگەڵ مێژوو جۆرە پێوەندییەکە تێیدا بەئاشکرایی مێژوو دەبێتە قوربانی پۆست مۆدێرنیزم. پۆست مۆدێرنیزم مێژووی تووشی هەڵپەساردن دەکات و لەبەرچاو بزری دەکات، تەنیا بەکووتانی واکسەنەکانی (زانستی مێژوویی دیار) دەکرێ لەگەڵ ئەم نەخۆشییە بەشەڕبێین. بەڵام من گەرەکمە ئەو شتە بڵێم کە پێوەندی پۆست مۆدێرنیزم لەگەڵ مێژوو نیزیکترو کەم زەرەرتر لەوەیە کە پۆلاك باسی لێوە دەکات. پۆست مۆدێرنیزم بینای مێژوو دەخاتە ژێر پرسیارو گومان دەکات لەبارەی مانای هەبوونی (زانستی مێژوویی دیار)، بەڵام نە مێژوو رەتدەکاتەوە (یان بەحاڵەتی هەڵپەساردنی دێنێت) و نەك کاریگەری زانستی مێژووییش لەبیر دەکات. پۆست مۆدێرنیزم وەڵامێکە لەهەمبەر زەخت و زۆرییەکانی رابردوو، یانی ئیجارو ناچاری لەبیرکردنەوەی مێژووییدایە، بەڵام ئەم وەڵامدانەوە بەشێوازێکە کە حەتمەن بەمانای شەرعییەت پێبەخشین بەگێڕانەوەکانی مێژوویی پەیماننامەیی یان بەزێدەڕۆییەکانی خۆی زەمەن مەندی وە دوادەکەوێت.

هەر بۆیە، پۆست مۆدێرنیزمی زەمان (ئێستای هەمیشە ناکامڵ)ێکە کە لەودا، مەزن ریوایەکان لەگەڵ بێ بایخی بەرەو رووەدەبن. پۆست مۆدێرنیزم بەقسەی لیۆتار شایەتحاڵی ئەو کاتەیە کە لەودا، زانست گێڕانەوە ئیتر شەرعییەت بەزانستی مێژوویی نابەخشێت و ماقووڵ و سەنگین بۆ تێگەیشتن لەڕووداوەکانی رابردوو دابین ناکات.(4) لەجیاتیان، مەزن ریوایەکان یان ریوایە مەزنەکان لەچوارچێوەی پۆست مۆدێرنیزم هێزی لێکدانەوەو شیکارییان لەدەست دەدەن، ئێمە ناچارین روو بکەینە بیرکردنەوەی دووبارەو وەبیرهێنانەوەی سەرلەنوێی رووداوە مێژووییەکان، بەڵام ئیدی نەك لەبیچمی واقع خوازیدا، بەڵکوو لەڕێگەی ژانری نەبوونی راشکاوی ژانری، یانی لەڕێگەی رۆمانس. پێوەندی نێوان پۆست مۆدێرنیزم و رۆمانس بۆ خۆی دەبێت بەرێگەیەك بۆ هەمیسان روانین لەگێڕانەوەو پێوەندی لەگەڵ شەرعییەت پێدانی

زانستی مێژوویی. لەم ڕووە لەکاتێکدا کە زەمەن مەندی (مێژوویی) هەوڵ دەدات هەتاوەکوو ڕابردووی تایبەت بکات بە(ڕابردوو)یەکی گشتی و دووبارە نواندن، ڕۆمانس و پۆست مۆدێرنیزم هەوڵ دەدەن هەتاکوو بەبوێری نابەوەخت بن، و توانست و بڕستی ئێمە لەبۆ بەڕەسمییەت ناسینی ڕابردووی تایبەت بەواتای ڕابردووی گشتی تووشی شێوان و ئاڵۆزی کەن و ئەو شێوازەی کە لەبری ئەو مێژووی پێ (دەناسین) دووچاری گرفت و قەیران بکەن.

**ڕۆمانسی پۆست مۆدێرن: چیرۆکی نابەوەخت**

لێرەدا گەرەکمە زاراوەیەکی دیکەی ئەم باسەتان پێ بناسێنم: (ڕۆمانسی پۆست مۆدێرن) هەڵبەت مەبەستی من ئەوە نییە کە ئامانجم دۆزینەوەی هەندێ لەپێناسەکانی ڕەسەنتر لەڕۆمانس یان پۆست مۆدێرنیتە بێت، بەڵکوو ئامانج لێکۆڵینەوەی چەمکەکانی گشتی ئەم لێکدانەی ڕۆمانس و پۆست مۆدێرنیزم لەچوارچێوەی زاراوەی (ڕۆمانسی پۆست مۆدێرن)ە.

**مەبەستم لەم وشەڕۆنانە، هێنانە ئارای ئەم دوو خاڵەیە:.**

1. دەبێ ڕۆمانس وەك شێوازەکانی پەیاننامەیی لەمەڕ بیرکردنەوە سەبارەت مێژوو نییە.

حاشاکردن لەبارودۆخی مێژوویی پۆست مۆدێرنیزم (یانی بەشوێن پۆست مۆدێرنیزم بوون هەر چۆن بێت، (پەسا) پشتگرێکە بۆ مۆدێرنیزمە) و هاوکات پێداگری لەسەر مێژوویی بوونەکەی، هەروەك من کردم، بۆ جارێکی دیکە دەتوانێ خوێندکارانی ئەدەبییات هەڵخرێنێ و وایان لێبکات دژ کردەوە لەخۆیان نیشان بدەن.

ئەوان هەموو کات دەپرسن کە:. (ئەگەر پۆست مۆدێرنیزم لەدوای مۆدێرنیزم نایەت، کەواتە بۆ ئەو ناوە یان پێداوە؟) بەڵگە هێنانەوەکەی من ئەوەیە کە ئەم هەڵسەنگاندنە نوێیە لە(پەسا) لەپۆست مۆدێرنیزم لەژێر سەردێڕی شێوازێکی نوێ بۆ بیرکردنەوە لەمەڕ چاخ مەندی مێژوویی بەڕێوەدەچێت. مێژوو نە تەنیا گێڕانەوەی مەزنە کە نوێنگەی زنجیرەی ڕووداوەکان بێت و نەك دوورە دیمەنێك کە لەودا بتوانین داوەری لەسەر مانای ڕووداوەکان بکەین. بەمجۆرە، پۆست مۆدێرنیزم ئۆلەوییەتی وەرزژمێری لەزۆربەی گێڕانەوە مۆدێرنیستێکانی مێژوو خستۆتە ژێر پرسیار و لەبەرامبەردا جەخت دەکاتەوە لەسەر توندڕەوی تایبەت بەخۆی توندڕەوییەك کە سنوورەکانی داسەپاو لەلایەن تەکنووزی بەردەوام و ڕۆژژمێری چاخ مەندی مێژوویی دەبڕێت. ئەم توندڕەوییە یان گوێ نەدان بەسنوورە مێژووییەکان هەروەها دەست پێڕاگەیشتن بەو شتەی کە لیۆتار ناوی (هەنووکە) یان (ئەو زەمانەی کە بەپێی ئەو دەکرێ خاوەنی هەبوونی ڕوانینێکی ڕاست بین لەمەڕ سەردەمەکانی بەردەوامی مێژوویی خۆی) لەسەر دەنێت، نامومکینی دەکات.[5] هەرچەن کە هەبوونی تێگەیشتنێك لە(هەنووکە) بۆ جیاوازی دانان لەنێوان ئەو شتەی کە بەدواوە دێت و ئەوەی لەپێشەوە هاتووە (یانی دیاریکردنی (پەسا) و (پیشا)کان) پێویستە، هاوکات، وەها (هەنوویەك) هەمیشە بەرەو نابووتی دەچێت. (هەنووکە) بۆ ئەوەی کە هەنووکەیەك دیاری بکرێت هەموو کات لەڕادەبەدەر کاتەکەی درەنگ و زیادە لەحەد زوویە. (لەڕادەبەدەر درەنگ بوونی کات) شایەتی زێدەڕەوی لەنابووتیدان (ڕۆیشتن) دایەو (زیادە لەحەدیش زوو بوون) ئاشێرەی بەزێدەڕۆیی لەهاتندایە.[6] زەمەن مەندی بەواتای ئامادەیی، هەموو کات (جا چ لەهاتن و چ لەڕۆشتن)دا ژانرێکی پۆست مۆدێرن لەبەرچاوبگرین.

2. پۆست مۆدێرنیزم ڕۆمانسە.

سەرەتا، لێگەڕێن با کە مەسەلەی ڕۆمانس وەکوو ژانرێکی پۆست مۆدێرن بخەینە چەقی باسەکەمان. لێرەدا دەبێ پتر لەهەموو شتێك بپرژێینە سەر ئەم زێدەڕۆییە باوەی کە خاڵی هاوبەشی ڕۆمانس‌و پۆست مۆدێرنیزمە. بەرەوژوورتر چوونی ڕۆمانس لەخۆی، یانی توانستی ئەو بۆ دەرکەوتن لەشوێنێك کە چاوەڕوانی کەمتری لێدەکرێت، هاوئاستی ناسازەوار پۆست مۆدێرنیزم بۆ پێشڕەوی‌و پاشگەزبوون لەخۆی، یانی پێش‌و پاش لەمۆدێرنیزم هەڵکەوتنە. لەمەڕ پۆست مۆدێرنیزم، سنووره زەمانییەکان وەپشت سەر دەنرێن، سەبارەت بەپۆست مۆدێرنیزم، سنوورەکانی ژانری. سنوورەکان، چ زەمانی‌و چ ژانری، توانایی ئەوەیان نییە چاوەدێری خۆیان لەسەر ئەو بابەتانە بپارێزن کە نیازی گەلاڵە داڕشتنیان هەیە. بەواتایەکی دیکە دەکرێ بڵێین کە پێوەندی نێوان ڕۆمانس‌و پۆست مۆدێرنیزم بەرهەمی جۆرێ زێدەڕۆیی هاوبەش یانی بێ هێزی لەپاراستنی جێوشوێنی خۆی لەچوارچێوەی سنوورەکانی مێژوویی‌و جوانی ناسانەیە. ئەگەر تایبەتمەندی پۆست مۆدێرنیزم جیاوازییەکی تێئۆریکی بنەواشەیی سەبارەت بەجیٚوشوێنە (یانی ئەو باسە کە پۆست مۆدێرنیزم لەکوێی (مێژوو)یەوە دەست پێدەکات؟)، ڕۆمانسیش جیاوازییەکی تێئۆری وێکچوو لەمەڕ جوانیناسی دەوروژێنێت:

دەبێ بەچ دەق گەلێك بڵێین ڕۆمانس؟ ڕۆمانس بۆ وێنە لەڕۆمانەکانی (واقیع خوازانە)ی جۆرج ئۆلیۆت لەبنەڕەتدا چ دەورو نەخشێکی هەیە؟

ئەم مەسەلە هاوبەشەی توندڕەوی، مەسەلەی بێهێزی‌و بێدەسەڵاتی لەپاراستنی جیٚوشوێنی خۆی لەچوارچێوەی سنوورەکان (جا چ مێژوویی‌و چ جوانیناسانە) ئێمە بۆ دووهەمین تێڕوانین لەزاراوەی (ڕۆمانسی پۆست مۆدێرن) ڕێنوێنی دەکات. نابەوەختییەکانی گەورە بەشێوەی کاریگەری هاوبەش خۆ دەردەخەن کە دەگەڕێنەوە بۆ تێکچوونی سنووره مێژووییەکان لەلایەن ڕۆمانسی پۆست مۆدێرن. ئەم نابەوەختییانە تەنیا هەڵخلیسکان یان هەڵەنین، بەڵکوو ئەو نابەوەختییانەن کە تێڕوانینەکانی مۆدێرنیستی پەیماننامەیی لەمێژوو تووشی قەیران دەکەن.

ئێمە کاتێ دەتوانین دەوری تایبەتی نابەوەختی بەباشترین شێوە تێبگەین کە سەرەتا بزانین کە ڕۆمانسی پۆست مۆدێرنیش هەروا کەڵکەڵەی زەمەن مەندی‌و سەردەمەکانی مێژوویی هەیەو ئەم کەڵکەڵەیەش هی ئەم ڕاستییە کە ڕۆمانسی پۆست مۆدێرن کەڵکەڵەی ئەم ڕووداوانەی پێوە دیارە کە بەشپرزەبوون‌و تێکچوون لەتەکووزی خاوەن زەمەن ڕوو دەدەن، یانی کاتێك کە ئەو شتەی کە ئێمە وەك چاخەکان یان ژانرە جیاوازەکان دەیانناسین بەشێوەیەك لەپاڵ یەکتر ریزدەبن کە نەشێوازێکی گونجاوەو نەدیالێکتیکییە. ئەم شێوازییە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرنابەوەختی دەبێتە هۆی پێکهێنانی دڕدونگی کە زۆر لەدڕدۆنگی ئەو بەرپرسەی ئەو مۆزەخانەیە دەچێت کە کتوپڕ ئەم هەواڵەی پێگەیشتووە کە لەناو پێشانگەدا، بەرهەمەکانی هی هونەری ئایینی سەدەی چواردەم بەچەشنێکی حاشا هەڵنەگر لەناو نیگارە واقیع خوازەکانی هولەندی هەڵکەوتوون. لەجێدا لەچنین‌و دانانی تابلۆکان هەڵەیەك ڕوویداوەو دەبێ ڕوونکردنەوەیەکمان بۆی هەبێت، بەڵام ئەوە کە ئەم ڕوونکردنەوە دەبێ چۆن بێتە ئاراوە، دیار نییە لەم بەردەوامبوونییەی گێڕانەوەدا کەم‌وکوڕییەك هی نابەوەختی هەیە، بەڵام هیچ گێڕانەوەیەك نییە کە بتوانێ بەشێوەیەکی گونجاو ئەم کەم‌وکوڕییە لەبەردەوامی گێڕانەوەدا بگێڕێتەوە. پۆست مۆدێرنیزم نەهەڵە ڕاست کەرەوەی هەڵەکانی

پێشوویەو نەك (ڕۆشنگەر)ی نوێی کەلێن و کولێنە تاریکەکانی مێژوو.

لەپاڵ یەك دانانی چاخەکانی مێژوویی لێك جیاواز، لێکدژێکی سانا نییە، پۆست مۆدێرنیزم تەنیا خەریکی داکۆکی دووپاتە لەگێڕانەوە سوننەتییەکان لەهەمبەر مۆدێرنیزم نابێت و لەبەرئەمەش بۆ ڕابردوو ناگەڕێتەوە هەتا وەکوو سەردەمانی سەدەکانی ناڤین یان ئۆستوورەیی لەسەردەمانی مۆدێرن جیابکاتەوە. بەم چەشنە دەتوانین بەرامبەر کێی وا لتێر ئێسکات لەتەك هاوژینی سەردەمەکانی قەبیلەیی و سەردەمانی مۆدێرن، بەرامبەرکێی نابەوەختی ئۆمبێرتۆ ئۆکۆ لەگەڵ سەدەکانی ناڤین گەرایی و مۆدێرنخوزای، هەوڵدانی جۆزێف کۆنراد بۆ پاساودانی ئیمپریالیستی سەرەتایی و ئۆستوورەیی لەپاڵ سەرمایەداری ڕۆژئاوایی، هێنانە گۆڕێی هەندێ ویست و داخوازی لێکدژ لەگەڵ پێودانگەکانی فەرهەنگی بۆرژوازی ویکتۆریایی لەلایەن بەردەنگەکانی مێینەی ڕۆمانسەکانی جۆرج ئێلیۆت و کارکردی ژاك درێداو کەتی ئەکێر لەڕێگەی چەمکەکانی گشتی بەرباس لەقسەگێڕانەوەکانی بەلاڕێدا براوو کۆپی ئەدەبی تێبگەین. ئەو شتەی ئێمە لێرەدا لەگەڵی بەرەو ڕووین شێواوی و پەشۆکاوی لەبەردەوامی مێژوویی زاڵ و نەبوونی (ژوور مێژوو) بەقسەی هیدن وایتە. پۆست مۆدێرنیزم گێڕانەوەیەکی نوێ و ناهومێدکەر نییە، بەڵکوو پێکەوەژیانی ئیمکانانی گێڕانەوەیی فرە چەشن و بەڕواڵەت ڕەتکەرەوەی یەکترن، بێ ئەوەی کە نوختەیەکی دەرهەستمان هەبێت کە لەوێوە بتوانین ئەم ئیمکاناتە بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ڕۆمانسی پۆست مۆدێرن هیچ چەشنە ڕوانگەیەکی دوورە دیمەنانە ناخەنەڕوو، ڕۆمانسی پۆست مۆدێرن پێکەوەژیانی تەوسانەی زەمەن مەندییەکانە.

**لەواقیع خوازی هەتاکوو ڕۆمانسی پۆست مۆدێرن**

چۆنایەتی نابەوەختی ڕۆمانسی پۆست مۆدێرن لەبەر کەمتەرخەمی لەشەرعییەت بەخشین بەگێڕانەوەکانی مێژویی پەیماننامەیی و پێداگری لەسەر زەمەن مەندی تەوساوی، واقیع خوازی چ لەباری چەمکەکانی مێژوویی و چ لەبار چەمکە جوانیناسەکان تووشی گرفت و قەیران دەکات. ئەم شتە دەبێتە هۆی دژواربوونی هەڵس وکەوت لەگەڵ هەوێنەکانی مێژوویی و تێگەیشتن لەچەمکی مێژوو. ڕیوایەکانی ڕۆمانسی پۆست مۆدێرنیتە و تەنانەت ئەوانەی کە لەکتێبفرۆشییەکانی فرۆکەخانەکانیش دەفرۆشرێن ئاراستەی گێڕانەوەی مێژوویی بەرەو نواندنی واقیع خوازانە دەخەنە ناو قەیرانەوە. پۆست مۆدێرنیزم واقیع خوازی لەشوێنی خۆی وەدەردەنێت و جێگەی نواندنی ڕووداوە مێژووییەکان دەگوازێتەوە بۆ ڕۆمانس. واقیع خوازی هەتا ئەو جێیەی کە پێوەندی بەڕۆمانسی پۆست مۆدێرنەوە هەیە، ئیتر شەقڵی نایابی نواندنی کردەی (واقیعی) و ڕاستییەکانی مێژوویی نییە. بەپاڵپشتی بەباسی توندڕەوی دەکرێ بڵێین کە لەچوارچێوەی ژانری و ئەدەبی ڕۆمانسی پۆست مۆدێرن قەت ئەگەری ئەوە نییە کە هەندێ ڕۆمانسی لەڕادەبەدەر پێك بێن، چونکوو لەو حاڵەتەدا هەمووکات مێژوو گەلی لەڕادەبەدەر بوونیان دەبێت. لەڕاستیدا ئەم قسەیە دەربڕینێکی تری ئەم خاڵەیە کە ڕۆمانسی قەت بەچەمکی ژانری، (تۆخ)مان نییە. ڕۆمانس بەواتای ژانرێکی ئەدەبی هەمووکات تێکەڵاوی گوتاری مێژووییە. بەم چەشنە مێژوو لەچوارچێوەی پۆست مۆدێرنیتەدا ئاوێتەی زێدەڕۆییەکانی ڕۆمانس دەبێت.

گوتنی ئەوە کە دەکرێ مێژوو لەسەر بنەواشەی هەندێ ژانری ئەدەبی وك ڕۆمانس تێبگەین هەروەك

چۆن خوێنەرانی بەرهەمەکانی هیدن وایت دەزانن خۆی لەناوخۆیدا قسەیەکی تازە نییە.[7] بەڵام خاڵێك کە من دەمەوێ جەختی لەسەر بکەم ئەوەیە کە رۆمانسی پۆست مۆدێرن بەدەرکردنی واقیع خوازی لەشوێنی خۆی توانایی ئەوەی هەیە تاوەکوو جیٚوشوێنی ئەم میسداقەی مێژوو بخاتە بەر پرسیار. رۆمانسی پۆست مۆدێرن سەرنجمان بۆ لای ناوەرۆکی مەسەلەسازی رووداوە مێژووییەکان رادەکێشێت. هەر بۆیە دەبێ ئەم پرسیارە بکەین کە: رووداوی مێژوویی لەچی پێك هاتووە؟ چلۆن دەتوانین هەمیسان بینۆنینەوە؟و بۆچی، ئەگەر رووداوێك بەڕاستی مێژوویی بێت سەرلەنوێ دەکرێ ببێتە بابەتی رۆمانسەکان؟ لەسەر بنەواشەی رۆمانسی پۆست مۆدێرن ئێمە ئیتر ناتوانین بەڕاشکاوی ئیدیعای ئەوە بکەین کە دەزانین مێژوو بۆ کوێ دەگەڕێتەوە. هەر هەوڵدانێك لەپێناوی مانا خوڵقاندن بۆ رابردوو خۆی زامنی نەبوونی مانا یانی نەبوونی وەرگرتنی نواندنە. ئەگەر ئامانجی واقیع خوازی داڕشتنی گێڕانەوەیەکی (مێژوویی) لەڕابردوویە کە بەڕواڵەت وا لێدەکات کە رابردوو شیاوی تێگەیشتن بێت، ئامانجی رۆمانسی پۆست مۆدێرن داهێنانی ئەم پرسیارەیە کە ئاخۆ ئێمە بەڕاستی رابردوو دەناسینو دەتوانین بەچەشنێکی پێویست رووداوەکانی مێژوو وەبیربێنینەوە یان نا.[8] بەواتایەکی دیکە بێتووئەرکی واقیع خوازی (پاراستن لەزانیارییە جۆراوجۆرەکان لەهەمبەر شتە گوماناوییەکان)دایە، ئەرکی رۆمانسی پۆست مۆدێرن خوڵقاندنی شكو گومان لەمەڕ زانیارییەکانی خۆیو شێوەی دۆزینەوەی ئەم زانیارییانەیە.[9] بەم هۆیە، کۆنراد لەنۆسترۆمۆ بایخی (زانست)ی مێژوویی لەڕێگەی رووبەڕووکردنەوەی ریوایەی مێژوویی لەگەڵ ئاراستەی (ئەدەبی) تایبەت بەخۆی یانی مەیل بەنزیکبوونەوە لەڕۆمانسێك کە گەرەکیەتی لێی دووربێتەوە دەخاتە ژێر پرسیار.

بێتوو تێگەیشتن لەپۆست مۆدێرن لێمان گەڕێت تاوەکوو وەشوێن بنجو بناوانی خۆڕاگری لەم بزاڤە چەند لقەدا بکەوین، یان ئەوە کە وەك بەرپرسیارەتییەکی ئەخلاقی سەیری مێژوو بکەین، نواندنی واقیع خوازانە بەس دەتوانێ ئەمجارە قورسایی بەرپرسایەتی بەحاشا لێکردنیو یان بەنواندنەکەی لەچوارچێوەی راستییەکی مێژووییدا لەبیر بکات. لەچوارچێوەی ئەم (واقیع خوازی)و جیاوازی کاریگەرە لەڕەوتی مێژوودا بەس بەرهۆکی هەستیاری ژنانەی توندڕەوانە، بەرهۆکی هەست گەراییە. هەبوونی تێگەیشتنی مێژوویی دەتوانێت ببێت بەجیٚوشوێنێك بۆ خۆڕاگری لەهەمبەر بارودۆخی ئێستادا، رێك بەم هۆیە کە بەرەوژووورتر لەنۆستالژیای دواکەوتووانە لەچاو دۆخی پێشووی دەڕوات. هەر بۆیە هەبوونی پێوەندێکی کاریگەر لەتەك مێژوو هەروەك ئەم پێوەندییەی کە رۆمانسی پۆست مۆدێرن پێکی دەهێنێت، لەگەڵاڵەی نۆستالژیکی واقیع خوازانە بۆ سەرلەنۆی دۆزینەوەی رابردوو (لەسۆنگەی نواندنەکانی بەڕواڵەت دروست لەڕابردوو) بەرەوژووورتر دەچێت، رۆمانسی پۆست مۆدێرن پێکهاتی واقیع خوازی ئاشکرا دەکاتو لەهەمبەر ئاشتیو سوڵحی نۆستالژیك لەگەڵ رابردوو خۆڕاگری دەکات- نۆستالژیایێك کە بەسووكو هاسانیو بەهۆی هەمان (دروست)ی سەرلەنوێ نواندنی رابردوو، حاشاکردنەکەشی بەدواوە دەبێت. یانی ئەوە کە ئەگەر واقیع خوازی ئێمە ناچار دەکات کە بەهۆی لەدەستدا بوونی سەرلەنوێ نواندنەکانی دروستو رێك لەڕابردوو دەتوانین دیراسەی رابردوو بکەین، رۆمانسی پۆست مۆدێرن جەخت دەکاتە سەر ئاراستەکانی وەها سەرلەنوێ نواندن گەلێك،

بەتایبەتی سەرلەنویٚ نواندنەکانی واقیع خوازی، چونکوو ئیٚمە قەت ناتوانین لەگەلٚ رابردوو بەلیٚك گەیشتنیٚکی کاملٚ بگەین و قەت ناتوانین بەدوور لەئامانج و قسەکان بپرژیٚینە سەرلەنویٚ نواندنەکەی. هەروەك چۆن ئادۆرنۆ وەبیرمان دیٚنیٚتەوە.

(سولٚح لەتەك رابردوو) بەمانای لیٚکۆلٚینەوەی جیدی و شکاندنی تەلیسم و گریٚ پوچکەی رابردوو لەڕیٚگەی ئاگایی بیٚلایەنانە نییە، بەلٚکوو بەمانای مەیل بەهەلٚدانەوەی ئەم لاپەڕەو لەئەگەری پیٚویستدا سڕینەوەی لەبیرو زەینە.[10]

لەبەر تیشکی ئەم تیٚبینییانە، جیاوازی لەنیٚوان واقیع خوازی و رۆمانسی پۆست مۆدیٚرن دەکریٚ لەسەر بنەمای وەبیرهیٚنانەوەو لەبیرچوونەوە شیبکەینەوە:

واقیع خوزای رابردوو وەبیردیٚنیٚتەوە تاوەکوو لەبیری بکات، کەچی رۆمانسی پۆست مۆدیٚرن رابردوو وەبیردیٚنیٚتەوەو زەمەن مەندییەکەی سەرلەنویٚ دادەنیٚتەوە هەتاوەکوو لەبیرکردنی رابردوو ناموومکین دەکات. لەبیرنەچوونی کردنی رابردوو لەم چەمکەدا بەمانای جەختکردنی ئەم خالٚەیە کە وەبیرهیٚنانەوەی کاملٚی رابردوو و سولٚح کردن و گەیشتن بەلیٚکبوردەیی و لیٚکگەیشتنی تەواو لەگەلٚی ناموومکینە. وەها تیٚگەیشتنیٚك لەڕابردوو بەواتای (بەرەوژوورتر چوون لەئاگایی)یە کە لایەنی هاوبەشی پۆست مۆدیٚرنیزم و رۆمانس دەژمیٚردریٚت.

<u>پەراویٚزەکان:</u>


1.Charles Jenks, What Is postmodernism? (New York st.Martin's press, 1987).p22

2.Jean-Fromcois Lyotard, The postmodern Condition: A Report on Knowledge (Minneapolis: University of Minnesota press, 1989). P.79.

3.jean-Francois Lyotard, Re-writing Modernity', Subance 54 (1987). Pp.8-9.

4.Griselda pollack, Vision and Difference: Feminity, Feminism, and Histories of Art (Landon and New York: Routledge, 1988), p.158.

5.'Re-writing Modernity', p.3.

6.lbid.

7.Lyotard, The postmodern Condition, pp. 27-41.

8.Hayden White, Metahistory (Balitimore: Johons Hopkins University press, 1973), the Tropics of Discourse: Essays in Cultural Criticism (Baltimore: Johns Hopkins University press, 1978).

9.Lyotard, 'Re-writing Modernity',p.6.

10.Lyotard, the postmodern Condition, p.74.

11.Theodore Adorno, 'What Does Coming to Terms with the past Mean?', Bitburgin Moral and poLitical perspective,ed. Geoffry Hartman (Bloomington: Indiaa University press, 1986), p.115.